# (10)

## گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ئایا ئافرەت وێنەی گوێدرێژ و سەگی ڕەشە؟

بەڕێزان!

هەر لەبارەی ئەو فەرموودانەی تایبەت بە ئافرەتان کە نەیارانی ئیسلام و مسوڵمانان دەیکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی ئیسلامی پێ ناشیرین بکەن دەچینە سەر فەرموودەیەکی دیکە و گفتوگۆیەکی ژیرانەی لەبارەوە دەکەین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە بەدەیان ئایەت و فەرموودەی سەحیحمان هەن باس لە ڕێزی ئافرەت و پێگەی ئافرەت و جوان مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەت دەکەن(1)، بەڵام بەداخەوە کەسانی عەقڵ و دڵ نەخۆش تەنیا بەدوای چەند فەرموودەیەکدا دەگەڕێن بەسەیر کردنێکی سەرکێڵانەو ڕواڵەتی دەڕواننە فەرموودەکە و دەیانەوێ بیکەنە بەڵگە بۆ نیازی خراپی خۆیان، کەسانی ساویلکە و نەزانیش بێ بەدواداچوون باوەڕیان پێ دەکەن و پێیان دەخەڵەتێن، وەك پێشتریش باسمان کرد لێکدانەوەی هەڵەی ئەم جۆرە فەرموودانە دوو هۆکاری هەیە: یان ئەوەتا کەسەکە عەقڵ و دڵی نەخۆشە و نیازی گڵاوە، یان ئەوەتا لەنەزانی و نەفامی خۆیەوە ئەو کارە دەکات.

ئێستا یەکێکی دیکە لەو فەرموودانە دەهێنین کە دەیکەنە بەڵگە، دواتر گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین و ڕوونکردنەوەی لەبارەوە دەدەین فەرموودەکەش ئەمەیە پێغەمبەری خوا دەفەرمووێ: {**عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الصَّامِتِ عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ**

---

**1) هەر بۆ وێنە سەیری ئەم فەرموودانە بکەن:**

**أ- پێغەمبەری خوا ﷺ لەیەکێ لە گەشتەکانیدا لەکاتی گەڕانەوە چەند ئافرەتێکی لەگەڵدا بوون، ئەو کەسەی کە جڵەی وڵاخی ئەو ئافرەتانەی گرتبوو ناوی ئەنجەشە بوو، دیارە هەندێ بە توندی وڵاخەکەی ڕاکێشاوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەو پەڕی ڕەچاو کردنی ڕێزو ناسکی ئافرەتان پێی فەرموو: {یا أنجشة رویدك سوقك بالقواریر} أخرجه أحمد (254/3، رقم 13695)، والبخاری (2291/5 رقم 5849)، ومسلم (1811/4، رقم 2323).**

**واتە: ئەی ئەنجەشە لەسەرخۆ، بەنەرمیو ناسکییەوە مامەڵە لەگەڵ شووشە بکە، واتە: پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئافرەتانی بە شووشە چوواندووە، ئەمەش ڕاگرتنی هەستو شعورو ڕەچاو کردنی لایەنی دەروونیو سۆزداری ئافرەتانە.**

**ب- لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: {حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ الدُّنْيَا النِّسَاءُ وَالطِّيبُ وَجُعِلَ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ} أخرجه أحمد (128/3، رقم 12315)، والنسائی (61/7، رقم 3939).**

**واتە: لەدونیادا سێ شتم لەلا خۆشەویست کراوە، ئافرەتو بۆنی خۆشو هەروەها گلێنەی چاوەکانم لەناو نوێژدایە، ئافرەتانی لەڕیزی پێشەوەی خۆشیەکانی دونیادا داناوە.**

**بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِذَا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلَاتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الْأَسْوَدُ، قُلْتُ يَا أَبَا ذَرٍّ مَا بَالُ الْكَلْبِ الْأَسْوَدِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَحْمَرِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَصْفَرِ قَالَ يَا ابْنَ أَخِي سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَمَا سَأَلْتَنِي فَقَالَ الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ}**[٢] واته: له ئـه‌بو ذه‌ڕه‌وه خوا لێی ڕازی بێ ده‌گێڕێته‌وه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: ئه‌گه‌ر یه‌كێ له ئێوه هه‌ڵسا بۆ ئه‌نجامدانی نوێژ، با شتێكی وه‌كو هێسكی شان بكاته سوتره بۆ ئـه‌وه‌ی هـیچ كه‌سـێك و هـیچ شـتێك به‌پێشی دانه‌یه، ئه‌گه‌ر وای نه‌كرد و هیچ شتێكی نه‌كرده سوتره، ئه‌وا گوێدرێژ و ئافره‌ت و سـه‌گی ڕه‌ش نوێژه‌كه‌ی ده‌بڕن، پاشان عه‌بدوڵڵای كوڕی صامت ده‌ڵێ: پرسیارم له ئه‌بو ذه‌ڕ كـرد بۆچـی سـه‌گی ڕه‌ش، ئه‌ی سه‌گی سوورو زه‌رد؟ ئه‌بو ذه‌ڕ گوتی: ئه‌ی كوڕی برام منیش هه‌مان پرسـیارم لـه پێغه‌مبـه‌ری خـوا ﷺ كرد، فه‌رمووی: له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سه‌گی ڕه‌ش شه‌یتانه!

بۆ وه‌ڵامی ئه‌م فه‌رمووده‌یه گێڕانه‌وه‌یه‌كمان هه‌یه كه بوخاری هێناویه‌تی، دایكمان عائیشه وه‌ڵامی ئـه‌و گێڕانه‌وه‌یه‌ی سه‌ره‌وه ده‌داته‌وه، گێڕانه‌وه‌كه به‌م شێوه‌یه‌یه:

**{عَنْ مَسْرُوقٍ عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهُ ذُكِرَ عِنْدَهَا مَا يَقْطَعُ الصَّلَاةَ فَقَالُوا يَقْطَعُهَا الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ قَالَتْ لَقَدْ جَعَلْتُمُونَا كِلَابًا لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي وَإِنِّي لَبَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ وَأَنَا مُضْطَجِعَةٌ عَلَى السَّرِيرِ}**[٣].

له مه‌سروقه‌وه، ئه‌میش له دایكمان عائیشه‌وه خوا لێی ڕازی بێ ده‌ڵێ: له‌لای دایكمان عائیشـه باسـی ئه‌و فه‌رمووده‌یان كرد كه گوایه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: سێ شت نوێژ ده‌پچـڕێنن، سـه‌گ و گوێدرێژ و ئافره‌ت، كاتێ بۆی باس ده‌كه‌ن كه پێغه‌مبه‌ری خـوا ﷺ وای فـه‌رمووه، دایكمـان عائیشـه ده‌ڵێ: هه‌رگیز پێغه‌مبه‌ری خـوا ﷺ شـتی وای نه‌فـه‌رمووه، چـۆن ئێمـه‌ی ئافره‌تـان ده‌هێنێتـه ڕیـزی گوێدرێژو سه‌گ؟ ئینجا بۆ ئه‌م بۆچوونه‌شی به‌ڵگه‌ی هێناوه‌ته‌وه، گوتوویه‌تی: جاری وا بووه پێغه‌مبـه‌ری خوا ﷺ نوێژی كردووه، من له‌پێشی خه‌وتووم و ڕاكشاوم و قاچم درێژ كردووه، بێ ئه‌وه‌ش پێغه‌مبـه‌ری خوا ﷺ شتێك بڵێ: یان نوێژه‌كه‌ی بپچڕێنێ.

---

**2) أخرجه ابن أبى شيبة (251/1، رقم 2896)، ومسلم (365/1، رقم 510)، والنسائى (63/2، رقم 750).**

**3) صحيح البخاري: 489.**

ئەگەر باسی فەرموودەکەی یەکەمیش بکەین کە ئەبو ذەڕ خوا لێی ڕازی بێ گێڕاویەتەوە، ئەوا هـەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی نەبووە ئەو سێیانە پلە و مەرتەبەیان وەکو یەکە، بەڵکو باسـەکە باسـی حوکمە، لەو مەسەلەیەدا کە بڕینی نوێژە حوکمەکانیان وەکو یەکە، ئەم دووانە جیانە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەزۆر شتدا دووشتی بەیەکەوە هێناوە، هەمان پاداشتیان هەیە، بەڵام مانای ئـەوە نییە پێگەیان وەك یەك بێ، بەڵکو لە حوکمدا وەکو یەکن، بۆ وێنە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفـەرمووێ: {السَّاعِي عَلَى الْأَرْمَلَةِ وَالْمِسْكِينِ كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ الْقَائِمِ اللَّيْلَ الصَّائِمِ النَّهَارَ}[4]،

واتە: ئەو کەسەی یارمەتی بێوەژن و هەژاران دەدات وەك ئەو کەسە وایە کە لـە جیهـاد و تێکۆشـانە لەپێناوی خوا، یاخود وەك ئەو کەسەی کە شەوان شەو نوێژ و بەڕۆژ بەڕۆژی دەبێ، ئایا یارمەتی بێوەژن و هەژار موجاهید و شەونوێژ خوێن و بەڕۆژوبوون ئەوانە هەمان پێگـەیان هەیـە؟ بەدڵنیاییـەوە نـەخێر وەکو یەك نین، تەنها حوکمەکەیان وەکو یەکە.

دووبارە پرسیار دەکەین ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی ئەوەبێ ئافرەت بەسـەگ بچـوێنێ، چـۆن دەفەرمووێ: لەدونیادا چەند شتێکم لەلا خۆشەویست کراوە، یەکەمینی ئەو شتانەش ئافرەت بوو، پاشان بۆنی خۆش؟ ئایا ئەم دوو قسانە دژ یەك نین؟ کەواتە: دێینەوە سەر ئەوەی کە وەك یەك بوون لە حوکمدا شتێکەو، وەك یەك بوون لە پێگە و مەکانەتیشدا شتێکی ترە.

کەواتە: لێرە مەبەست ئەوە نییە بووە بەسەگ بەڵکو مەبەست ئەوەیە کردەوەیەك دەکـات لـە کـردەوەی شەیتان دەچێ، بەهەمان شێوە چۆن شەیتان مرۆڤ سەرقاڵ دەکات لەنوێژ کـردن ئـەو کەسـەش کـە بـە ئەنقەست بەپێش نوێژخوێندا دێ کارێکی هاوشێوەی کاری شەیتان دەکات، جـا ئـەو کەسـە پیـاو بـێ، ئافرەت بێ، جیاوازی نییە.

ئەو کەسەش بەپێش نوێژخوێندا دێ زانایان گوتوویانە: ئەگەر کەسەکە پیاو بێ نوێژەکە باتڵ ناکاتـەوە و نوێژەکەی دروستە، ئەگەر ئەو کەسەش بەپێش نوێژخوێنەکە دادێ ئـافرەت بـێ زانایـان دوو بۆچـوونیان هەیە:

زۆربەی هەرە زۆریان گوتوویانە: نوێژەکەی هیچ کێشەیەکی نییە و باتڵ نابێ، وە ناپچـڕێ، بەڵگەشـیان ئەو فەرمایشتەی دایکمان عائیشەیە کە فەرمووی: من لەبەرامبەر پێغەمبەری خـوا ﷺ خـەوتبووم و قاچەکانم درێژ کردبوو کەچی پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژەی نەدەبڕی و بەردەوام دەبوو.

---

**4) أخرجه أحمد (361/2، رقم 8717)، والبخارى (2047/5، رقم 5038)، ومسلم (2286/4، رقم 2982).**

ئەمە سەرەڕای ئەوەی تەحاوی ڕەحمەتی خوای لێبێ بۆچوونی وایە فەرموودەکەی ئەبو ذەڕ نەسخ بۆتــەوە بە فەرموودەکەی دایکمان عائیشە خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێ.

هەندێك لە زانایانیش وەك حەسەنی بەصرى و ڕیوایەتێك لە ئەحمەدەوە ڕەحمەتی خوایــان لــێبێ دەڵــێن: ئەگەر ئافرەت بەپێش نوێژدا تێپەڕێت نوێژەکە دەپچڕێ.

بەڵام هەر چوار مەزهەب و جمهوریش پێیان وایــە بەتێپــەڕ بــوونی ئــافرەت نوێــژ ناپچــڕێ، بەبەڵگــەی فەرموودەکەی دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ.

بەڵام با ئەو ئەگەرە دابنێین بەتێپەڕ بوونی ئافرەت نوێــژ دەپچــڕێ و بــەتاڵ دەبێتــەوە ئایــا ئەمــە هــیچ بێنرخی و بێ بەهایی تێدایە بۆ ئافرەت؟ ئێمە باسی ئەو نێوانە دەکەین لەنێوانی سوترە و نوێژ خوێن کە مەسافەکەی زۆر زۆر کەمە، خۆ ئەگەر بەپێشی سوترەکەدا تێپەڕێ ئەوە هەر قسەی لەسەر نییە و بەهیچ شێوەیەك نوێژەکە باتڵ نابێ.

بەڵام ئەگەر واشبێ هیچ لە پێگەی ئافرەت دانابەزێنێ، خۆ ئەگــەر پیــاویش تێپــەڕێ وەك باسمــان کــرد بەهەمان شێوە هەر دەگوترێ هەمان کردەوەی شەیتانی کردووە.